لە چواری حوزەیران ڕووسمی فڕیزی حج دەست پێ دەکات



ئەمڕۆ سێشەممە دادگای باڵای سعودیە ڕایگەیاند، مەراسیمی فڕیزی حج لە 4ی حوزەیران دەست پێ دەکات.

ئاژانسی ڕاگەیاندنی سعودیە ڕاگەیندراوەکی دادگای باڵای سعوودی بڕاوکردوە و ڕایگەیاند "سبەی چوارشەممە یەکەم ڕۆژی(ذی الحجة یە)، ڕۆژی عەرەفە لە ڕۆژی پێنجشەممە 5ی حوزەیران دەبێت، جۆژنی قوربانیش ڕۆژی هەینیی دواتر دەبێت".

تەفیق ئەلڕەبیعە، وەزیری حجی سعوودیە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، " ملیۆنێک و 700 هەزار حاجی لە سەرانسەری جیهانەوە" گەیشتوونتە سعوودیە بۆ ئەنجامدانی فڕیزی حج لەمساڵدا.

بۆ پێی ئامارە فەرمییەکان، ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ملیۆنێک و 800 هەزار موسوڵمان بەشداریان لە حەجدا کردووە.